به ناوی کوردستانی گەورە !

# دەرفەتی مێژویی، هەنگاوی مێژویی پێویستە

تاران -ح. س. سۆران.
SORAN909@HOTMAIL. COM

دەرفەتگەلی مێژویی، زۆر جار وەک دەرفەتگەلی نجوومی وان. ئەگەر لە کاتی دیاریکراودا کەڵکیان لێ وەرنەگیرێ، رەنگە ساڵیانی ساڵ پێویست بێ، تا دەستی هەڵسوورێنەری چەرخی چەپگەردی زەمان و مەکان، ئەو دەرفەتە رەخساوە بهێنێتەوە پێش یا بە وتەی کوردی سالیانی زۆر تێپەڕ دەبێ، تا شەممە بکەوێتەوە نەورۆز.

ئێستا، دوای پچڕانی داوی جاڵجالۆکەی سەددام و مەددام، لە کوردستانی باشوور و هاتنی هێزی وڵاتانی هاوپەیمان، ئەم دەرفەتە هەرە مێژوییە هاتوەتە پێشەوە، کە هەنگاو و لێبڕانی مێژویی پێویستە.

## ئەم هەلە بۆچی مێژوییە؟

چون :

١- رایەڵ و پۆی دەوڵەتی ناوەندی عێراق پچڕاوە.

٢- بۆ جاری هەوەڵ لە مێژودا، هێزی رزگاریهێنەری پێشمەرگەی کوردستان، هاوشانی سپای کەڵە هێزی گەورەی جیهانی ( ئامریکا) ، لە سەنگەرێکدا، دژی دوژمنێکی هاوبەش و لە پێناوی ئامانجێکی بە رواڵەت هاوبەشدا، شەڕیان کردوە.

٣- گەلی کوردی باشوور، نزیکەی دەساڵ تامی مزری چەشنە سەربەخۆییەکی دێفاکتۆی چەشتوە، کە ئەمە تاقیکاریەکی زۆر نرخە و بایەخی تایبەتی هەیە.

٤- خەزێنەی کەموێنەی نەوتی کەرکووک، کە لە گەنجە ئەفسانەییەکانی نێو چیرۆکی داپیرەکان دەوڵەمەندترە، کەوتوەتەوە دەستی خاوەنی راستەقینەی خۆی، واتە گەلی کورد.

٥- چون ئێستا لە بەستێنی جیهانیدا، گەلی کورد وا لە بەرزترین پلەی ناسیاوی مێژوی خۆیدا، هەر لەبەر ئەمە بیروڕای جیهانی زۆر بە قازانجی کوردە.

٦- زۆر خاڵی دیار و نادیاری دیکەش.

دیارە ئەم تایبەتمەندیە مێژوییە، هەنگاو و لێبڕانی مێژووییشی دەوێ.

## ماموەستای مێژو بە رێبەرانی ماندونەناسی کورد دەڵێ :

- شتێک کەمتر لە سەربەخۆیی، یانی گاڕانەوە بۆ بارودۆخی ساڵی ١٩٩٠.
- وشەی کوردستانی عێڕاق، بە واتەی کوردستانی داگیرکراوە.
- هەر وەک قاسم، عارف، بەززاز و بەکر ئا خریەکەی بوونە سەددام، ئیمانمان نەچێ چەڵەبی و مەڵەبیش هەر دەبنەوە سەددام و مەددام. هێشتا سەد شوکور بە گاڕنێر و ماڕنێر.
- خودای نەکردە هەڵپەڕینی بێ ئاکام فرمێسکی بە دواوە یە ؟.
- لەم هەلەدا، تاقە هەڵەیەکی چکۆلەی بەقەد نووکی دەرزی خەیاتە، وەک کێوی ئەزمەر گەورەیە.
- بچووکترین هەڵە، نەک هەر لە سەر گەلی کوردستانی باشوور شوێنی رووخێنەر دادەنێ، بەڵکە پەنجا میلیۆن کورد دەشەمزێنێ.
- لەم بارودۆخەدا، دووپاتە کردنەوەی وشەی بە جەحەننەم، بۆ کورد لە بۆمبای ئەتۆم پڕ مەترسیترە. هەمو شتێک گرنگە.

بە هیوای ئەوەی بەرپرسانی رێزداری هەرێمی کوردستان، بتوانن بە هەنگاوی مێژویی، لەم هەلە مێژوییە، بە قازانجی دۆزی کورد چاکترین کەڵک وەرگرن.

سەد میلیۆن چاو بە ئاواتی سەرکەوتنێکی مەزنەوە، تەماشایان دەکا!!!.